# له چاوی دێڕەکانمدا پیاسە دەکەیت

ڕۆژ هەڵەبجەیی
(سلێمانی)

(١)
کە تۆ ئومێدێکی پەژموردە بیت لە دووریيا،
ترپەی دڵم پێخاوس لە پیادەدا!

(٢)
ئیرەیی بە مانگ دەبەم مەلەوانی ناو گۆمە،
بۆقەکان تریفەی دەچڕن!

(٣)
مەست بوون هەر بادە نییە، ئەو کاتە مەستم،
شەپۆلی یادی تۆ دەکێشم!

(٤)
خەیام تا مرد بە خەیاڵی شەرابەوە نووست،
من تا قیامەت کوشتەی دەستی تۆ!

(٥)
تەنهایی فێری کردم خۆم بناسم،
جەفایی تۆ تەنیاتری کردم!

(٦)
ئەوە شەونم نییە لەسەر ڕوومەتی گوڵەکان،
کوژانەوەی شەوە لەناڵیندا ئەشک باران!

(٧)
پەرەسێلکەکان لە فڕینا سێگۆشەن
ئەندازەی ئەوانە لاسایی هەرەمەکان!



(٨)
درەخت کوا سەما دەزانێ،
ئەگەر زیکری (با) نەبێ!

(٩)
نیشتمانم بۆتە جەنگی جەنگەڵ،
لێ هێشتا لە پێ نەکەوتووم بۆ ژەمێک ئازادیی!

(١٠)
ڕیشی گیا لە سنگی دەشتا باڵەفڕ،
ئەوە بەهارە باڵی پێداوە، ببوورە ئەی شێوەکار!

(١١)
ئەی باڵندەکانی ناو قەفەس بەس نییە دیلی؟
وانەیەک فێر بن لە (با) پەنجەرە چێ دەکا!

(١٢)
کێوی توور کە خودای بینی سووتا،
من هەمیشە نابینا، لێ دڵم قەقنەسە لە عیشقی
تۆ ئەی خودا!

(١٣)
هەرگیز نەمتوانیوە پێت بڵێم خۆشم دەوێی،
شیعر چ ئیعتیرافێکە لە چاوی دێڕەکانما هەیت!

(١٤)
لە دڵۆپێک باراندا قریوەی لافاوێک هاتووە،
زستان لە هەنگاوەکانیا ئەم دێڕەی جێ هێشتووە!

(١٥)
تەرجەمەی ژن بۆ ڕابوردوویەکی دوور کرا،
ئەم دێڕە پیاسەی کرد لە چاو و برۆدا!

٢٠٢٤/٢/٦